سالْح محەممەد ئەمین
سلێمانی ١٥-١١ ٩٨٦

لەبارەی بەرگی یەکەمی رۆمانی «شار»ەوە



دەرگای زۆربەی ماڵەکان بەو پەڕی ڕێزەوە ، بۆ «شار» والاْ بوونەوە ، تا بە هەموو گەورەیی و مەزنی‌یەوە لیّ‌یانەوە ئاو دیوبیّ . بەو پیّ‌یە «شار» کە بەدەستی خاوەنەکەیەوە بۆ چەند ساڵێك دەچیّ جەڕی بوو ، بە ئامانو زامان لە دەستی دەرباز نەدەبوو ، ئەوەتا هەر چۆنێك بوو فرتەی کرد ، ئاهێکی سەرفرازی هەڵکێشاو کەمێك حەوایەوە ، جا ئیتر بۆ هێجگاری حەسانەوە لە دەرگای چەند سەد ماڵێکی داو ئەوانیش بە بزەیەکی شادمانی‌یەوە . دەرگایان بۆ خستە سەرپشتو لە ئامێزیان گرت ، نەك وەك گەلاوێژ خان کە لە هەلاّتنی یەکەم کەرەتی مریەمدا واقیان وڕبمێنیّ :

(بۆ بەیانی هەر هێندەی باوکی پیّ‌ی لەماڵ بردە دەر ،

ئەمیش بەهەڵە داوان بەرەو لای گەلاوێژ ملی نا . کە خۆی کرد بەماڵداو پێی نایە حەوشەکەوە ، بەر لەهەر کەسێکی تر ئەوی بینی کەلەژێر دارتووەکەدا دانیشتبوو . سەری بەسەر کتێبێکدا شۆڕ کردبووەوەو دەیخوێندەوە . بەبینینی دڵی پڕ بوو لەگریان . بەراکردن بەرەو رووی چوو . ئەویش هەر زوو لەم بەئاگا هات‌و واقی ورما ، بەتایبەتی کە ئەم چوو لەبەر دەمیدا بەچۆکدا هات ، سەری ئاخنی‌یە کۆشی‌یەوەو بە کوڵ دەستی کردە گریان ! . .)[1]

خۆ «شار»یش وەك مریەمی بەسەر نەهاتبوو ، بەڵکو ئەم دەیزانی کە دەربازبوونەکەی یەکجاری‌یەو ، تازە ئەو رۆژگارە رۆیشت کە تیایاندا گیری خواردبوو .

دانیشتوانی ماڵەکان بەپەرۆشەوە گوێیان بۆ بەسەرهاتەکانی «شار» شل کردو شەونخونیان بەدیاری‌یەوە کێشا . . لەگەرمەی ئەو بەسەر هاتانەدا ، ئەوانەی کە ئاگاداری گەلێك باس‌و خواسی ترن قسەی رۆمان نووسێکیان بەبیر دەهاتەوە کە دەڵێ :

(– رۆمانی ئایندەم کتێبێکی راستەقینە دەبێ ، هەر لە رووی شێوازەوە نەبێ پێوەندی بەئەدەبەوە نابێ ، خۆکەسەکانی ئەوە لەژیانی راستەقینەوە هەڵیان دەبژێرم . ئەوانەی کە هەموو کەسێك دەتوانێ بیانبینێ‌و لە شەقامەکاندا سڵاویان لێ بکات . چونکە پاش خوێندنەوەی کتێبەکە دەیان ناسێتەوە . بەڵکو من جاروبار بیر لەوەش دەکەمەوە کە ناو نیشان‌و ژمارەی تەلەفوونەکا نیشیان بدەم .)[2] . . ئەویش لەبەر ئەوەیە کە هەندێك لەوانەی گوێیان بۆ «شار» هەڵخستوە . لەقسەو باسەکانیا بەروونی خۆیان دەدی‌یەوە . هەندێکیشیان تارمایی خۆیانیان تیادا بەدی دەکرد . وەچەی نوێش ، هەیانە گەلێکی لەو باسانە لە ، باوك‌و براو مام‌و خاڵ‌و خزم‌و ناسیاوی ، لە خۆیان گەورەتر بیستوە ، بۆیە قسەکانی «شار» یان بەلاوە سەیری‌یە ، کەچی واش هەموو فزەیان لە خۆیان بریوە . تا بەچاکی بچنە رۆژگاری ئەو دەمەوەو ، تامی ئەو هەڵس‌و کەوت‌و جۆری پێوەندی‌یەی لەوکاتەدا ، لە نێوان خەڵکەکەدا هەبووە بچێژن . . خۆ «شار»یش بە جۆرێك دەست بەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکان دەکات ، کە زۆر بەتوندی هەست‌و نەستی خەڵکەکە هەر لەسەرەتاوە بۆلای باسەکانی بەکێش بکات :

(لە ئێوارەی رۆژێك لە رۆژانی بەهاری ساڵی ١٩٤٢دا ، زەلامێك بەخۆی‌و کەرێکەوە کە هەرچی شرەو پرەیەکی هەبوو لێی بارکردبوو ، لەبەر دەرگای کۆنە خانوویەکی گەرەکی سەرشەقامدا راوەستا . دەرگاکە ، لەو کاتەوەی رۆژ دەبووەوە دەکرایەوە ، ئیتر هەتا دنیا تاریك دادەهاتەوە ، **داخستن‌و بگرە پێوە** دانیشی بۆ نەدەبوو . چونکە **ناو خانووەکە ، پوورە** هەنگێك بوو بۆ خۆی‌و پێوەدان‌و داخستنی **دەرگاکە ، دەبووە** کارێکی بێ‌هوودە . .)[3]

هەر بەوەندە ، «شار» **کۆمەڵێك پرسیاری لە مێشکی** خەڵکەکەدا وورووژاند : دەبێ ئەو کابرایە کێ‌بێ لە کوێوە هاتبێ ؟ بۆچی ئەم خانووەی هەڵبژاردبێ ؟ ئەی ئەو پوورە هەنگەی ناوەوە ، دەبێ کێ رێکخەریان بێ ؟ . . تابەرە بەرە ، وەڵامی ئەو پرسیارانەیان دەستگیر دەبێ ، ئاشکرا دەبێ کە ئەو زەلامە «سابیر»ی ناوە ، لەگەڵ هاوری‌یەکی ، گوندەکەی خۆیان جێ‌دەهێڵن بە هیوای ئەوەی گوزەرانی شاریان خۆشتربێت ، کە چی ئەوەتا دوای حەڤدە ساڵ ، لەباری‌کەرێك شرەوپرە بەولاوە هیچی تر شك نابات‌و لە شاریش‌دا بۆتە پشیلەی چاو نەپشکوتو . هەژاری ئەم کون‌و ئەوکونی پێ‌دەکات . . خانووەکەش چەند خێزانێکی کوشتەی دەستی هەژاری گرتۆتە کۆش ، پوورە هەنگ ئاسا بەیەکدا دێن‌و دەچن ، بێگومان پوورە هەنگ‌بێ ، دەبێ بەمەل‌و لەش قورس لە خۆی نەگری‌و رێخەرێکی دڵسۆزیشی هەبێ ، ئەوەتا «میمکە حەلیم» بۆتە «شاژنی» ئەو پوورەیەو ، هەر کە هەست بەگێلی‌و لەش قورسی «سابیر» دەکات ، دێتە سەری‌و بۆ کارکردن هانی‌دەدا . .

«شار» بەو جۆرە وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە ، بەڵام

هەر لەهەمان کاتدا ، بەدەم گێڕانەوەی بەسەر هاتەکانەوە ، کۆمەڵە پرسیارێکی تر دێتە ئاراوە . بۆیە خەڵکەکە بە پەرۆشەوە بەدەم شەوگاری پایزەوە . لە «شار» بێزار نابن و بگرە خوا خوایانە هیچ شتێك پشت گوێ نەخرێ و «شار» هیچ لەیاد نەکات کە نەیگێڕێتەوە . .

لە بەشی یەکەمدا «شار» هەر لەرێی پوورە هەنگەکەی میمکە حەلیمەوە دەسنیشانی گەلێك دەردی کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمە دەکات . هەر لە هەمان کاتیشدا . ئەو پێوەندی‌یە پتەوە دیاری دەکات کە ئەوکاتە لە نێوان خەڵکی لە جۆری کەسانی ئەو ماڵەدا هەیە . ئەوەتا میمکە حەلیم مشووری «خاوەر»ی بێوەژن دەخوات کە بیکاتە هاوسەری «سابیر» . بۆ ئەوەش وا لەگەڵ سابیردا دەدوێ :

١ – دەگوێ بگرە . . من لەلای خۆمەوە بووکم بۆ دەستنیشان کردوویت و ئامادەی گواستنەوەیە . تۆیش ئیتر خۆت و چالاکی و گورج و گۆڵیت . لە ئیشکردن و پاشەکەوتکردنی پارەیەکی وەهادا کە بەزووترین کات کارەکەی پێ مەیسەر بکرێ .) [٤]

بەو پێیە لەوەوە تێدەگەین کە ئەوسا خەم خۆری لێقەوماو هەبووە . ئافرەتێك کە بێوەژن بکەوتایە یەکێك هەبوو کە بۆی بێتە هەمووکەسی . دایك . باوك . برا . . .

بەیەکگەیشتنی سابیرو خاوەر لەوماڵەدا دەبێتە هۆی هاتنە دونیای کچێکی جوانکیلە . کە ماڵیان لێپڕ دەکات و پێی شاگەشکە دەبن . بەڵام . دەردی نەزانین و نەبوونی پزیشك و داودەرمان وەك پێویست . کاری خۆیان دەکەن و دەبنە هۆی ئەوەی هەر لەگەڵ دەروشاندنەوەی ئەستێرەی مریەمدا . ئەوەکەی خاوەری دایکی ڕوو لە کزی بکات . ئیتر چەند ساڵێك دوای ئەوە . خاوەر بۆ دواجار چاولێك دەنێ . . گوێ لێگرانی «شار»یش . پێشوەخت . دەیان پرسیاریان لێقیت دەبوو . هەمووشی دەربارەی چۆنێتی ژیانی مریەم لەگەڵ ئەو باوکە گێل و تەمەڵ و تەوەزەلەدا . کەچی هەر زوو «شار» وەڵامیان دەستگیر دەخات :

(میمکە لەو وەختەوەی تەرمی خاوەری تێدا ئاودیوی دەرگای حەوشەی مەملەکەتەکەی کرا . ئیتر نەیدەهێشت مریەمی بەسات لێدووربکەوێتەوە . هەر بۆ ڕۆژی دواییش ، باسەکەی لەگەڵ باوکیدا بڕانەوە . .) [٥] . ئەگەرچی سەرەتا . گوێ لێگرانی «شار» بەو کارەی میمکە حەلیم پشوویەکیان هات و ، کەمێك لە دواڕۆژی مریەم دڵنیابوون ، کەچی دوای چەند ساڵێك لە بەخت و ناوچەوانی مریەم میمکەش خوا دەیباتەوە بۆ خۆی ، ئیتر بە مردنی ئەو نەك هەر سەر لەمریەم ، بەڵکو لە هەموو دانیشتوانی مەملەکەتەکە دەشێوێ و هەموویان دوای ماوەیەك پەرش و بڵاو دەبنەوە .

«شار» لێرەوە سەرەداوی باسەکە بەمریەم و باوکی‌یەوە دەبەستێتەوە . وەك کۆلارەیەك بەدەستی‌یەوە دەگرێت و لەبەر ئەوان نایپەرژێتە سەر کەسەکانی تری ناو مەملەکەتەکە ، بەتایبەتی کە خانووەکە میری دەستی بەسەردا دەگرێ و دەیداتەوە بەخزمێکی میمکە حەلیم . کەکەس لە ژیانی میمکەدا نەدیوێتی و نەزانیویشێتی خزمی وای هەیە . کەچی ئەوەتا دوای یەکەم سەردانی کە لەوێ لێی ڕادەپەڕن و . وەك دەڵێن «سەگی پێوە دەنێن» ئەویش :

(کابرا خۆی ئیتر بڕای بڕ حاوی بە چاوی چ کەسێکی تری ناو مەملەکەتەکە نەکەوتەوە . چوو بەهۆی پارێزەرێکەوە ، ڕێگای دادگای گرتە بەرو سێمانگی پێ‌نەچوو ، نەك هەر بڕیاری بۆدرا ، بەڵکوو گەیشتە ئەوەی پۆلیس بێنە گیانیان و داوای چۆڵکردنی خانووەکەیان لێبکەن . ئەمان بڕوایان هەر نەدەکردو نەدەکرد ! . تا کاتێ داواکردن بووە هەڕەشەی فڕێدانە دەرەوەی کەلوپەلەکانیان . ناچاربەرودوا کەوتنە چۆڵ کردنی . . .) [٦]

بەر لەوەی «شار» لەبەشی یەکەمی باسەکەی ببێتەوە ، ئێمەی گوێ لێگرانی هەستمان کرد کە ئەو لەپاڵ هەژاری و بێکاری و نەدارایی زۆربەی دانیشتوانی خەڵکی ئەوسای

شاردا ، پەنجە بۆ کێشەیەکی گەورەو ئاڵۆز درێژ دەکاتو ، بە دوو جۆر باسی لێوە دەکات . یەکەمیان ئافرەت لای کەسانی وەك سابیری حەماڵو دەروێش کەریم . هەروەك هەموو کەلوپەلێکی تر ، سەوای لەسەر دەکرێ . ئەوەتا سابیری حەماڵ ، مریەم بە دەروێش کەریم دەفرۆشێ بە (٥٠)دینار ، ئەویش دوای مشتومڕێکی زۆر ، کە لە (١٠٠) دینارەوە دێتە سەر (٥٠) دینارەکە ، بێ گوێدانە هیچ شتێکی تری وەك تەمەن یان قایل بوونو قایل نەبوونی کچە ، تا ئەو کارە دەگاتە ئەوەی کە شەوی بووکێنیو زاوایەتی ئەو دوو مرۆڤە ، لووتکەی کارەساتو بەسەر هاتەکانی بەشی یەکەم بێ ، ئەو شەوی بەیەك گەیشتنە بە جۆرێك پەردەی مێشکی گوێ لێگرانی «شار»ی رووشاندوە ، کە ئەگەر هەموو شتەکانی تریان لە بیربچێتەوە ، ئەوا ئەو شەوەو دیمەنە سامناکە جەرگ بڕەکەیان هەرگیز لەبیر ناچێتەوە : (ئەم سەرنجێکی خێرای دایە . کە هیچ نیشانەیەکی سەرنج ڕاکێشی پێوە بەدی نەکرد . بە دڵنیاییەوە هەڵساو چوو . کە هەنگاوی نایە ناو ژوورەکەوەو هەڵیڕوانی . دڵنیاییەکەی لێبووە ، واقوڕمانێکی پڕ لەترسو سام ! . سەیری کرد ژوور تێك شێوێنراوەو مریەم دیارنی یە ! . کاتێ باشتر چاوی گێڕاو ورد بووەوە . دیمەنێکی وەهای کەوتە بەرچاو کە هێندەی تر حەپەساندی . لە سووچی لای ڕاستی بنەوەدا ، ژوورێکی تری گچکەلە ، بەکەلوپەلەکان دروستکرابوو . سنووقە دوڵدوڵی یەکە ، کرابوو بە دیواری لای چەپی . هەردوو دیواری سووچەکە . بوو بوون بە دیواری پشتەوەو لای ڕاستی . هەرچی نوێنو بوخچەی جلو بەرگ هەبوو ، بۆی کرابوو بە دیواری چوارەمو دەلاقەیەکی وەك دەرگای ، تێدا هێڵرا بووەوە . هەرروو تێگەیشت مەسەلەچی یە . بەرەو ڕوو قەڵەمبازی داو پێشەکی ، بە پەشۆکاوی یەوە سەرنجێکی خێرای دایە ناوەوەی . بەو سەرنجە خێرایە ، سەرو ڕوخساری مریەمی لە ژێر پۆپە شمینێکەوە کەوتە بەرچاو کە بێ ورتەو جوولە ڕاکشابوو ! . بە پەلە خۆی گەیاندێو پۆپەشمینەکەی لەسەر لادا . بەڵام چی ببینێ ؟ ! جەستەیەکی لەناو قەدەوە بۆ بەرەو خوار خەڵتانی خوێنو ، وەك مردووی بێ جوولە دەم ئاخنراوو شەتەك دراو .

هەردوو دەست بەستراوو جەڕێنراو لە پشتەوە ! . بەبینینی دیمەنەکە هەر تەواو زارەترەك بوو . لەو ساتەدا گومانی نەبوو کە کاکی گیانی لەبەر بڕیوە . بێ ئەوەی دەستی تێوە بدا ، پاشەو پاش کشایەوە . . .)[٧]

بەو جۆرە «شار» بەو باسەی وەك بەردێکی زبر بە دڵی گوێ لێگرەکانیا بێنێو بەشێوەیەکی وا بیانڕوشێنێ کە هەموو بە دەموچاوێکی گرژەوە . بیریان لە بەناو خۆشترین شەوی ژیانی دوو مرۆڤ کردەوە . لەگەڵ ئەوەی مرۆڤی ئەو سەردەمە . هەمووی هەروانەبووەو ئەو کردارە نامرۆڤایەتی یە . مەگەر هەر لەکەسێکی وەك دەروێش کەریم وەشابێتەوە . بێگومان ئێستاش وێنەیان «ئەگەر چی کەمترە» بەڵام هەرماوە . بۆیە کێشەی ئافرەتانی چارە ڕەشی وەك مریەمیش هێشتا هەر لە ئارادایە . .

«شار» لەوبەسەر هاتەدا بەئاشکرا ئەوەی بۆ دیاری کردوین کە پیاوی چڵێسی وەك دەروێش . کۆمەڵگای دواکەوتووی چاونەکراوە ، بە پیسترین زەمینەیانە . . ڕەنگە هەبێ بڵێ : لە هەموو سەردەمو وڵاتێك دا مرۆڤی وا هەر هەبووەو هەیە ، بۆیە نابێ ئەم دەروێش کەریمە بکرێتە نموونەی سەردەمەکەی . . ئەم قسەیە بەجێ یەو جێ ی خۆیەتی . بەڵام ئەگەر ئێستا بەراوردێك لەنێوان «شار»ی ئەوساو «شار»ی ئێستادا بکرێ . ئاشکرا دیارە کە لەوسەرەدەمەدا پیاوی وەك ئەو دەگمەن نەبووە ، بەڵکو ڕەنگە زۆربەی خەڵکی ئەوسا لەم نموونەیان بەرچاو کەوتبێ یان بیستبێ . بەڵام ئێستا بوونەتە دەگمەن . . چونکە خاوەنی ئەو جۆرە ڕەفتارانە ئاسایی نینو پێویستیان بە چارەسەر هەیە .

بۆ سەلماندنی ئەوەی کە لە کۆمەڵگای دواکەوتوودا ، ئافرەت کردنەوەی گرێی بەختی لەدەست خۆیدا نی یە ،

لەوانەیە یەکێك دەست بۆکردنەوەی ئەو گرێیە درێژ بکات ، زۆر لەبارو گونجاو بێت بۆ کچەکە ، کەچی لێی دەبێتە گرێ کوێرەو بە ئامانو زامان کردنەوەی نابێ ، بەلام یەکێکی تر ، کە هیچ پێوەرێکی ژیرانە ، هاوسەنگ رایان ناگرێ ، هەر لەگەڵ دەست درێژکردنیا ، گرێ لەخۆیەوە دەبێتە قوڵفەو دەترازێ ، زۆر هۆ هەیە دەوریان لە قوڵفە کردنی گرێکەدا هەیە ، کە لێرەدا بواری دەستنیشان کردنیان نی‌یە ، بۆیە هەر بەم نموونەیەی کە پەنجەی بۆ ئەوە درێژ کردوە ، دەیبڕێنینەوە :

(شەوێك بوو لە شەوە بە ناوبانگەکانی «تەلاری غەدیر» . هەر «عەدلە» خۆی وای بۆ چوو بوو کە کچە مردنی مسۆگەرە ، چونکە لەوە بچوکترو لاواز ترە کە بەرگە بگرێ . ئەگەر ئافرەتانی تر بۆیان هەبێ رملێ لێدەن یان بۆچوونی تایبەتی دابنێن ، ئەوا «عەدلە» بروای تەواوەتی هەبوو ، بەلایەوە وابوو ، کە هەر قسەکردنو ئامۆژگاری‌یەك بە کچەکە بلێ سوودی بۆی نابێ .)

(- لەژووره نزیکەکەدا مامەوە ، هەر دیوارێکمان لە نێوان‌دا بوو . بەسزمانە دەترسا . ووتم دەیکوژێ ، یان هەر ترس دەیکوژێ ، لە جارێك زیاتر بە خۆم ووت : «عەدلە» مەترسە ، پشت بە خوا ببەستەو خۆت بکە بە ژووردا ، کە کاتەکە بە سەرچوو نەم وێرا ، ئیتر هەر کە گوێم لەزریکەکە بوو ، ئەوەی کە لە زیرەی پشیلەیەك دەچوو لەقەیەکی پیادرا بێ . ووتم : گیانی دەرچوو ، کوشتی ، بەلام خوای گەورە یاریدەی داو رزگاری کرد ، کە چوومە ژوورەوە دەلەرزی‌و لە خوێن‌و فرمێسکی خۆی‌دا نوقوم ببوو ، پی‌دەکەنی‌و دەشگریا . لێم پرسی : هیچ بەلات لێیە ماڵ کاول ؟ وەلامی دایەوە ووتی : پوورێ نازانم . .)[٨]

«شار» دوای ئەوەی لە گێرانەوەی ئەو بەسەرهاتە جەرگ برە بۆوە ، ووچانێکی دا ـ ئەمجا کەوتەوە قسە ، تا لە پرێکا زەردەخەنەیەك هەموو رووی گرتەوە کە دەیووت :

(لە بەرەبەیاندا ،کاتێ کاکی تاقو توقی بەردایە ناو ماڵەکە ، ئاهێکی پێداهاتەوەو کەمێ دڵی حەوایەوە . کاك لەسەر پیشەی رۆژانەی . لەژوور بەدەرکەوت‌و چووە ناو حەوشەکە . ماوەیەك هات‌و چوو . ئینجا لایدایە بەر بەلووعەکەو کەوتە دەسنوێژ گرتن .)[٩] ! ! *

«شار» بەو زەردەخەنەیەی غەفلەتی نووسەرەکەی ئاشکرا کرد ، چونکە دەیزانی کە دەروێش دوای ئەو شەوە ناهەموارە ، بەر لە دەسنوێژ گرتن کارێکی تر هەیە دەبێ بیکات ، کە ئەویش خۆ لە حەوزی مزگەوت هەڵکێشانە .

لە لایەکی تریشەوە «شار» بەم شێوەیە لە ئافرەتێکی تری خێزانێکی تر دەدوێ :

(گەلاوێژ لەو بابەتە مرۆڤە بوو کە هەرچی‌یەکی لە دووتوێی کتێبدا دەربارەی زوڵم‌و زۆرو چەوساندنەوەی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە دەخوێندەوە ، یا هەرچی‌یەکی لە کۆبوونەوەکانیدا لەم رووەوە بۆ باس دەکرا ، بەر لە هەرشتێك لە ژیانی رۆژانەی خۆیدا جێبەجێی دەکردو بەدی‌ی دەهێنا . . .)[١٠]

بەو پێ‌یەی «شار» باسی دەکات ، لەو دەمەش‌دا ئافرەتی رۆشنبیر «نەك خوێندەوار» هەبوو ، کە لە کۆڕی تێکۆشانی ئەو کاتانەدا ، بەوپەڕی لە خۆبوردنەوە بەشداری کردوە ، ئەگەر چی وێنەیان ئەوسا کەم بووبێ ، بەلام سەنگی تایبەتی خۆیان هەبووە . .

لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا ، هەندێ کەس لەیەك رووەوە بەووردی سەیری ئافرەت دەکەن ، ئەویش ئەو لایەنەیە کە «دەروێش کەریم»ی لە مەڕ «شار» هەوڵی بۆ دەدا ، ئیتر رووەکانی تری مرۆڤایەتی هیچ ، خۆکاتێکیش ئەو دەروێشەو نموونەکانی وەك ئەو لەو رووەوە لە ئافرەتێك تێر دەبن ، نەوسی هی تر دەیابزوێنێ . . پیاوی ئەم کۆمەڵگایانە «عەلی وەردی» ووتەنی :

(کورانی عێراق لە رواڵەت‌دا دەکرێ بە «جێمس ستیوارت» دابنرێن بەلام وەك تر «حاجی علیوی» یەکن بۆ خۆیان . .)[١١] . «شار»یش هەر وەك ئەو لە مەجی کاکی

ئەختەر دەدوێ : (. . گرفتەکە لە وەدایە کە بۆ نموونە کاکم ، بەلایەوە دەشێ کە خۆی حەز لە دە خوشکی دە کەس بکاو پەیوەندی‌یان لەگەڵدا ببەستێ ، کەچی ئەگەر یەکێك حەز لە خوشکەکەی خۆی بکاو پەیوەندی‌ی لەگەڵیدا هەبێ ، دەبێتە کفری حەوت مەزەب‌و گۆشاو گۆش سەربڕینی ، بە ئەرکی پیرۆزی سەر شانی خۆی دەزانێ‌و گوایە ، پێ‌ی شەرمەند دەبێ ! . . .)[١٢]

«شار» بۆ باس‌کردن‌و دەستنیشان کردنی کێشەکان بە گشتی‌و کێشەی ئافرەت بە تایبەتی ، پەلی گوێ لێ‌گرانی دەگرێ‌و ، لە دەرگای چەند ماڵێکەوە ، دەیانکات بە ناو ئەو خێزانانەدا ، لە باسەکەیەوە ، وای لێ تێ‌دەگەن کە : چارەنووسی ئافرەت لە هەموو خێزانێکدا بە ڕەفتاری پیاوەکانیانەوە بەندە ، نەك بە ڕەفتاری ئافرەتەکە خۆیەوە ، جا ئەگەر ئافرەتێك بەختەوەر بێت‌و لە ماڵی پیاو چاکێکی وەك «حاجی مەحموو»ی عەلاف‌دا بێت ، یان خوشکی یەکێکی وەك ئەورەحمان یان خورشیدو زۆراب بێت ، یان کچی وەستا تایەر بێت ، ئەوا مرۆڤ ئاسا دەژی . . خۆ چارە ڕەشەکانیشیان ئەوانەن کە لەگەڵ کەسانی وەك دەروێش کەریم یان زایەر یان مەجی یان . . دا لەبن بانێك‌دا بژی . . ئەگینا ئەگەر وا نەبێ ، ئەوەتا ئەختەر قوتابی‌یەو لە ڕیزی ڕۆشنبیرانیش دایەو کەچی ئەوە حاڵێتی بە دەست کاکە مەجی‌یەوە ، ڕاستە دەڵێن : ئەوە نی‌یە مل بۆ بڕیارە چەوتەکانی کاکی نادا ، ئەگەر وا نەبوایە ، لە وانەبوو بە هەموو قسەیەکی کاکی قایل بێ . ئەمە ڕاستە ، بەلام خۆ «مریەم» منداڵێکەو ئەو چاوکراوەیەش نی‌یە کەچی دواکات ، سەر پێچی لە چارەنووسەکەی خۆی دەکات‌و پێ‌ی قایل نابێ ئەگەرچی ئەو سەر پێچی‌یە لە ئەنجامی ئەو ئازارە زۆرە دەروونی‌و جەستەیی‌یەوە هاتوە کە دەروێش پێ‌ی گەیاندوە ، بەلام هەر چۆنێك بێت ، هەر سەرپێچی‌یە .

ئەو پیلانەی کە زایەر لە ئەورەحمانی کردو بە گرتنی‌دا ، ئەویش لە ئەنجامی ئەوەی کە قایل نەبوون ئاسکۆڵی بدەنی‌و دایان بە ئەورەحمان ، ئەوەش کارێکی وایە کە هەر لە مرۆڤی خوێڕی‌و سووك‌و خۆفرۆشی وەك زایەری سیخور دەوەشێتەوە . بە هیوای ئەوە ئەورەحمان بە گرت‌دەدا کە گوایە ڕێ‌ی بە یەك‌گەیشتنی خۆی‌و ئاسکۆڵ خۆش کات . نازانێ بەوە قینی زیاتر لە ناخی ئاسکۆڵ‌و کەس‌و کاری‌یەوە شین دەبێ‌و زایەر گلاوتر دەبێ لایان .

«شار» کە باسی کەسانی وەك ، میمکە حەلیم ، حاجی مەحموودو خێزانەکەی‌و گەلاوێژی کچی ، ئەورەحمان ، خورشید ، حەمەشین ، زۆراب ، نەوزاد ، وەستا تایەر ، ئەختەر ، فەرهاد ، دایکی نەوزادو . . ئەمانەی دەگێڕایەوە ، شادی لە ڕووی گوێ لێ‌گرەکانیا دەنەخشاند . ئەوەش قسەی ڕۆمان نووسێکی دەهێنانەوە یاد کە دەڵێ : (زەوی بەشەو سەنگی لاشەی مردووەکان دەیسووڕێنێ ، قورسایی زیندوەکانیش بە ڕۆژ دەیگێڕن ، بۆیە کاتێك مردوو زۆر دەبێ ، دەبێتە شەوێکی تاریك‌و نوتەك‌و هەرگیز ڕۆژ نابێتەوە . .)[١٣] . گوێ لێ‌گرانی «شار» کە قسەکانیان دەبیست ، هەر بە تەواوەتی قسەکەی ڕۆمان نووسەکەیان دەسەلماند ، بۆیە لە ڕۆژ بوونەوەی ئەو شەوە دڵنیا بوون . خۆ هێنانەوەی تەرمەکەی شێخ مەحموودی نەمر ، تەواوی ئەو ڕاستی‌یە دەردەخات کە زیندوەکان زۆر لە مردووەکانی ئەو دەمە زیاترن :

(سەرجەم خەڵکی شار ، درێژایی ڕۆژێکی ڕەبەقیان ، لە چاوەڕوانکردندا بردبووە سەر . هەموو هەر لە بەیانی‌یەوە ، وایان لە دڵ گرتبوو کە تەرم لە نیوەڕۆدا دەگاتە جێ‌و لە عەسردا ، بەرەو دوا مەڵبەندی بەڕێ دەکرێ . کەچی نە نیوەڕۆ گەیشت‌و نە عەسرو نە سەر لە ئێوارەش‌و ئیتر ئەوە وای لێ کردبوون کە دەتووت بە سەر ئاگرەوەن .)[١٤]

«شار» لەگێڕانەوەی زانینی هەوالی کۆچی دوایی شێخ‌دا ، بە گوێ‌ی خەڵکەکەی‌دا دەدا ، کە ئەو کاتە دوو کۆمەڵی سەرەکی هەبوون ، ئەگەر جارو بار شیرو تیریشیان لە یەکتر

سوی بێ ، تەنیا بەوە بووە کە هەر لایەی پروپاگانتەو بۆچوونی خۆی ، لە بارەی کێشەکانی ئەو دەمەدا ، بە ناو خەڵکەکەدا بڵاو کردۆتەوە ، کەچی لە کاتی پێویستدا ، بۆ ڕێکخستنی جەماوەرەکەو سەرکردایەتیان لە ڕۆژێکی وەك ئەو ڕۆژەی تەرمی شێخ دێتەوە ، دووانیان بە یەکتر دەگەنو ، بەقۆشمەیەتی یەوە ، وا لەگەڵ یەکتردا دەدوێن :

(– وەرە بزانم . . وەرە . . ئەمە ئەو ڕۆژەیە ، کە دەتوانم قورتمت بگرمو نەیەڵم فزە بکەیت .

ئەمیش پێکەنیو وتی :

– قەت نەتوانیوەو ناتوانیت .

– خۆ هیچ نەبێ ئەمرۆ دەتوانم .

– چۆن ؟ ! . . ئادەی بزانم !

– تۆ جارێ پێم بڵێ : نیازی چیتان هەیە ؟ . . چی دەکەن ؟ .

– لەو بارەیەوە ، هێشتا هیچم لەلا روون نی یە . بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ئامادەم ، هەرچی یەك بۆ پێشوازی کردنی تەرمی شێخ بکرێ ، بەپەرۆشەوە بەشداری ی تێدا بکەم .

– تۆ ؟ ! . . جا تۆ هەقت بەسەرشێخو تەرمی شێخەوە چی یە ؟ ! . ئەو شێخی ئێمە یەنەك هی تۆ . . پادشاو پێشەواو قارەمانی ئێمەیە نەك تۆ .

– نەخێر وانی یە . . هی هەموو کوردێکە .

– بۆچی تۆش کوردیت ؟ !

– بێگومان . . بگرە ئەگەر دوا ئەنجام لێك بدەینەوە ، من لەتۆ کوردتر دەردەچم چونکە دڵسۆزتر دەبم بۆ نەتەوەی کورد .

– ئاوا ! . . نەتەوەی کورد ! . . یانی کورد بووە بە «ئوممە» ؟ !

هەردووکیان دایانە قاقای پێکەنین .)[١٥]

ئەو دووانە کە هەریەکەیان سەر بەیەکێك لەو دوو کۆمەڵەیە بوون . بەو شێوەیە لە ڕۆژی وادا هەموو شتێکیان کە لادەخستو هەریەکەیان لەلای خۆیەوە ، هەوڵی ئەوەی بوو ، کە بەجۆرێکی ڕێكوپێكو بەپێ ی فرمانی سەرەوەیان کار بکەنو خەڵکەکە ڕێك بخەن . . پەنجە درێژکردن بۆ ئەم بارە ، «شار»یشو گوێ لێ گرانیشی گەشکە دارکردبوو ، کە هەموو بۆ ئەوە ، ئاواتیان بەو ڕۆژە دەخواست .

لەو باسو خواسانەی کە «شار» گێڕایەوە ، کۆمەڵەکەی خولە پیزەبوو ، چونکە ئەویش کەم «شار»و بگرە هەموو وڵاتی خەریك نەکردو ، بۆیە ئەو کەینو بەینە لەبیر «شار» نەچووبۆوە ، ئەگەرچی ئەم کۆمەڵە لەبەر بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان شاخیان گرتو بەرووی میری ئەو سەردەمەدا هەڵپژان ، کەچی واش هیوایەکی لەدڵی خەڵکی شاردا شین کردبوو ، کە ئەویش توانای بەرەنگاربوونەوەی دەوڵەتە . . ئەو چەند کەسە بتوانن لەبەر خۆیان ئاوا بمێننەوە ، ئەی ئەگەر هێزێکی ڕێکخراو ناچاربکرێ ڕێ ی شاخ بگرێ ، بڵێ ی خۆیان بۆ نەگیرێ ؟ . . بەهەرحاڵ ئەو دەمە ، پرسیاری زۆری لەم بابەتە دەهاتە کایەوە . «شار»یش لەوەوە دەستپێ دەکات کە هەواڵی کوشتنی ئەو کۆمەڵە بڵاودەبێتەوەو خەڵکەکە پێ ی دەزانێ .

سیخورەکان پێخۆشحاڵن بەو چارەنووسە ، چونکە هێزو توانای دەوڵەت بۆ خەڵکەکە دەسەلمێنێ . کەچی ئەوانەی «شار» وەك نموونە هەڵی بژاردوون . لە چایخانەداو لەسەر دۆمینە بەم شێوەیە لەوکێشەیە دەدوێن :

١ – ئاخۆ بزانە چ سێ چوار ڕێبوارێکی داماونو لەمان بوونەتە تاقەکەی خولەپیزە ! .

– یا لە خەڵکەکەیان دەکەنە ئەوان ! . .)

(یەکێك لە ناکاو ، لە نزیك ئەورەحمانەوە هەڵیدایەو وتی :

– ئەرێ ئێوە وادیارە ، لە ناوبردنی ئەو تاقە جەردەو پیاو کوژەتان پێ ناخۆش بێ .)

(وەستا تەنیا وتی :

– ئەوە خولەی مام سادقە . . هەقت بەسەری یەوە نەبێ . من دەیناسمو دەزانم چی یەو چی نی یە ؟)[١٦]

لە دوایی‌دا ئاشکرا دەبێ کە خولەی مام سادق پیاوی میری‌یەو بۆ تاقیبی ئەوەرەحمان‌و برادەرەکانی هاتو چۆی چایخانەکەی وەستا تایەر دەکات . هەر لەو قسانەی سەرەوەوە دەردەکەوێ کە خەڵکی ، تاچ رادەیەك بێ بروان لە ئاستی میری‌دا ! !

خۆ کە «شار» بەسەر هاتی بەگژا چوونی دەرویش کەریم‌و وەستا تایەرو ، ئەمجا بریندار کردنی وەستاو ، دوای ئەویش ، ژیانەوەی دەماری پیاوەتی سابیری حەماڵ‌و شالاو بردنی بۆسەر دەرویش کەریم ، کە تا ئەو کاتە پڕ بە رۆح لێی دەترسا ، دەگێڕێتەوە ، گوێ لێ‌گرانی «شار» چیرۆکێکی تری خاوەنی «شار»یان بەبیر هاتەوە ، کە پاڵەوانی ئەویش وەك سابیری حەماڵ خۆی لەشەرو گیروگرفت دوور دەخاتەوەو نایەوێ خۆی لە هیچ شتێك‌دا هەڵقورتێنێ ، کەچی :

(ئەفەنی‌یە سکۆبەکە تامی تیانەهێشت . . شەق‌ومشتە کۆڵەی وەهای ئەگەیانە حەمەی بەسزمان کە مەگەر تەنها لە فیلمی سینەمادا بینرابێ . .)

(ئەم لەلای خۆیەوە ، بەرامبەر بەم دیمەنە خۆی پێ‌نەگیرا . سەربادانی کەمتەرخەمی‌و زەردەخەنەی گاڵتە پێ‌هاتنی لە بیرچووەوەو لە ئاستی ئەم کارەساتە ستەم کارەدا ، بایەخێکی نەما . .)

(زۆر لەسەر خۆ هەڵسایە سەر پێ‌و رووی کردە ئەفەنی لاجانگ درێژ . لە ناکاوێکا ، هەتا هێزی تیابوو هەڵمەتی بردە سەری‌و کەوتە شڵپ‌و هوور لێ‌هەڵسانی . . ئەفەنی ناودەمی پڕ بوو لەخوێن . . ئەمیش دەلاقەیەك کەوتە سەری‌و خوێن چۆڕراوگەی تێ‌بەست .)

(— سەیرە لە خووە تایبەتی‌یەکەی خۆت لات‌دا . . بۆ ؟ . .

ئەم جارە بەدەم قاقای پێکەنینەوە لەوەرامیا وتی :

— راست ئەکەی . . بەڵام بۆ ؟ . . ئەوی راستی‌بێ خۆشم تێ‌ی ناگەم . . خۆ هەر لەبەر ئەوەشە کە تووشی ئەو خووە پووچە بێ مانایە بووم . .)[١٧]

«سابیری حەماڵ»یش کە «شار» باسی دەکرد ، پیاوێکی گەلحۆی لەش گرانی تەمەڵ‌و دوور لە هەمووشت ، ترسنۆك ، کە چی هەر کە وەستا تایەر بەخوێنەوە دەبینێ ، ترسەکەی دەرەوێتەوە هەڵمەت دەباتە سەر دەرویش‌و بە جۆرێك دەستی لێ‌دەکاتەوە ، کە خپ بێ‌وەهەتا هەتایە جارێکی تر سەر بڵند نەکاتەوە . ئەو سابیرەی کە لە رۆژێکی سەرماو سۆڵەی زستان‌دا ، لە ماڵەکەی دەردەکرێ‌و هیچ بەرهەڵستی‌یەك ناکات ، کە چی بەو کارەساتە جوولاو تۆڵەی خۆی مریەم‌و وەستا تایەری لێ‌کردەوە .

«شار» سەرماو سۆڵەی زستانانی خۆی لەیاد ناکات ، بۆیە باسی رۆژێکی شووم دەگێڕێتەوە کە وەستا تایەرو زۆراب ، خەریکن چاخانەکە دادەخەن ، کەچی «سابیری‌حەماڵ»بەدەم سەرمایەکی زۆرەوە پەنا دەباتە بەریان ، ئەویش لە دوای‌یدا ئاشکرا دەبێ ، کە لەسەر ئەوەی کرێی چەند مانگێکی لابووەو ، دەرویشیش لە رقی ئەوەی ، مریەمی رای‌کردووەو بۆی نادۆزرێتەوە ، دەمی خاوەن ماڵ چەور دەکات ، تا سابیر دەرپەڕێنێ ، بۆیە بەو دەمەو ئێوارە ساردو تووشی‌یە دەری دەکەن ، لەو دیمەنەدا رۆژگاری زستانانی سەهۆڵ بەندان‌و چلوورەی گوێسوانەکان دێنەوە یاد . . لە شوێنێکی‌تریش‌دا «شار» باسی لێ‌دەکاتەوە :

(دەرەوەی چاخانەکە سەرمایەکی ئەو تۆ بوو ، تفت هەڵبدایە بەحەواوە دەیبەست . شەوو رۆژێك بوو بەبێ بوار ، گا بەشەستەو گابەنمە ، ئاسمان بارانی دا دەرژان . ئینجا بەدوایدا کردی‌یە بەستەڵەکێکی وەها ، کە تەنانەت شەختەی سەر زەوی‌و چلوورەی گوێسوانەکان ، مەگەر لەسێ چوار سەعاتێکی نێوان چێشتەنگاوو نزیکی عەسردا ، تۆزێ روویان لە تواتەوە بکردایە .)[١٨]

کە «شار» لەبەسەر هاتەکانی خۆی دەبێتەوە ، وا هەست دەکرا کە هەندێ رووداوی گرنگی لەیاد کردبێ .

* لەم پەڕ تا ئەو پەڕی گێڕانەوەکەی «شار» ، ووشەی «رەشەبا» بەرگوێی کەس نەکەوت . خۆ کە ئەو لەگەرمەی گێڕانەوەدابوو ، پەنجەرەی ژوورەکە . بەدەم ڕەشەباوە ، ببوە «دەواری شر» . جا ئەگەر وای دابنێن کە «زەمهەریر»ەکە ئەویش دەگرێتەوە ، بێگومان ڕەشەبای «شار» هەر لەکاتی سەرماو سۆڵەدا هەڵناکات . بەڵکو هاوینانیش هەیەو تەپ‌و تۆزی زۆر بەسەر خەڵكدا دەپرژێنێ .

* «شار» ووریایانە ، ڕووداوە مێژوویی‌یەکان بەدوای‌یەكدا دەگێڕێتەوە ، کوشتنی کۆمەڵەکەی خولەپیزە . هێنانەوەی تەرمەکەی شێخ ، لافاو ، پێك هاتنی بەرەی یەكگرتوو . . کەچی هەر لەو ماوەیەی کە شار دیاری کردوە (١٩٤٢-١٩٥٨) کارەساتی تری گەورەی وەك گوللە باران کردنی چوار ئەفسەرەکەو هێنانەوەی تەرمەکانیان بۆ شارو خرۆشاندنی خەڵکەکەی

* ئەو هەڵبژاردنانەی ، لەو دەمەدا بۆ دیاری کردنی «نوێنەرانی گەل» ساز دەکراو دەبووە هۆی تەقینەوەو خوێنیشان دانی وا ، کە تائیستاش هەندێك لەوانەی خۆیان لەودەمەدا مافی هەڵبژاردنیان هەبووە ، لووت‌ژەنینە ناهەموارەکانی میریان لەبیرە کە لەو هەڵبژاردنانەدا ڕووی دەدا .

* «شار» هیچ لای لەکەسانی قۆشمەو مەشرەف خۆشی وەك «مەلا سمایل»و «نجم‌الدین مەلا»و «ڕەشەی موختار»و : . نەکردۆتەوە ، کە هەریەکەیان بەشی ئەوەندەیان هەبوو ، لە بۆنەیەكدا وەك «گاڵتە» کردنێك بەرەفتارێکی یەکێك لە دامو دەزگاکانی میری ئەو دەمە ، بگێڕرایەتەوە . . یان هەڵوێستی شاعیرێکی نەترس کە لەساڵی (١٩٤٥)دا ڕووبەڕوو ، لە بۆنەیەكدا ، پەنجە بۆ ئەدمۆنز درێژ دەکات‌و (بیست‌و حەوت ساڵە) کەی پێ دەڵێ ، کە ئەمیشیان دەکرا ببێتە قسەی یەکێك لە هەڵبژاردەکانی «شار» .

هەر ئەو باسە شتێکی بەبیر هێنامەوە کە بۆ ئەوە دەشێ لێرەدا بووترێ ، چونکە «شار» ئەوانەی کە کردوونی بە «چاکی» باسەکانی . هەر هەموویان نەترس‌و جەربەزەن‌و کۆ لە هیچ شتێك ناکەن . بە پیاوو ئافرەتەکانیشیانەوە . واتە کەسی‌وا لەو «چاك»انەدا نی‌یە کە لە ناخەوە حەزی پێ‌یەتی‌و بەڵام هۆیەك وای لێ‌کردبێ کە هێجگار وەك نموونەی ئەورەحمان‌و خورشیدو . . . هتد نەبێ . . بۆیە ئەم بەسەر هاتە سەیرەم بەبیرهاتەوە .

ساڵەکانی دوای پەنجاو هەشت چەند وێنەکم بینی ، کە لە هەموویاندا یەکێکیان بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش کتێبی قوتابخانەی دابوە بەر چاوی کامێراکە . بێگومان وێنەکان لەشوێنێکی دوورە شار گیرابوون . کە دیار بوو ئەو کۆمەڵە بۆ مەبەستێکی تایبەتی ئەو شوێنە کەلایەیان هەڵبژاردبوو . لە بەشدارێکیانم پرسی ، ئەو برادەرە بۆ لە هەموو وێنەکانا ، تەنیا ئەو کتێبەکەی واگرتوە ؟ پێ‌کەنی‌و لەوەڵامدا ووتی : کەسمان کتێبمان پێ‌نەبوو ئەو نەبێ . هەرکە کامێرا دەهاتە ئاراوە ، یەکسەر دەستی دەدایە کتێبەکەی‌و ئەمجا هاوبەشی وێنەکانی دەکرد ، کەیەکێکمان لێمان پرسی : بۆوا ؟ ووتی : زۆری ئەمانە ناسراون ئەمە دونیایە ئەگەر یەکێك لەو وێنانە دەستی میری کەوت ئەوا من بەوە خۆم دەپەرێنمەوە کە گوایە لە «سەعی» کردن بووم .

ئەمە یەکێکە لەو بەدەیان‌و بگرە بەسەدان کەسانەی بە دڵ حەز بەبەشدار کردنی کۆمەڵە نیشتمانی‌یەکان دەکەن ، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێ ، ڕەنگە زۆر نەوێرن خۆ لە هەموو شتێك بدەن . . بۆیە دەبوایە «شار» لە گێڕانەوەکانی‌دا لەو جۆرە کەسانەشی تێ‌هەڵکێش بکردایە . چونکە «شار» ڕووداوی ڕاستی دەگێڕێتەوە . کەسانی واش لە دونیای «واقیع» داهەن‌و کەمیش نین .

* کۆ بوونەوەکانی چەقەڵاواو قەشقۆڵی‌و . . هتد ، کە بە ناو سەیران بوون ، بەڵام ڕاستی‌یەکەی بۆنەی نیشتمانی بوون . . خۆ نموونەکانی خو لە جاسووس‌و زایەر لەو ڕۆژانەدا ، ئارامیان لێ‌دەبڕاو ، بۆ دۆزینەوەی شوێنی بە ناو سەیرانەکان ، سەرە

خولی ی دونیایان پێ دەکەوت و قاچیان توێخیی فرێ دەدا تا هەندێ جار بە ئامانجەکەی خۆیان دەگەیشتن . . لە «شار»دا ئەم بە ناو سەیرانانە پشت گوێ خراوە ، کە وا بزانم هەموو ئەوانەی لەوە ماوە مێژوویی یەی کە «شار» دیاری کردووە کاتێك یادی ئەو ڕۆژگارانە دەکەنەوە ، زۆرو کەم بەشێکی یادەکانیان بۆ ئەو بە ناو «سەیران»انە تەرخان دەکەن .

دوا ووشه

ڕۆمان وورده کاری یەکی زۆری پێ دەوێ «شار» لە کردنی بەسەر هاتەکەی دا بە ڕۆمان زەرەنگەری یەکی باشی تیادا کراوەو بۆتە هۆی ئەوەی کە ، کورد زومانیش هەست بە شادی یەکی خۆش بکات بەوەی کە ئەو هونەرەی ، بە قسەی زۆربەی زۆری ئەدیب و نووسەرانی دونیا لوتکەی ئەدەب و داهێنانە ، واتە ڕۆمان ، لای ئێمەش هەیەو لە توانادایە پەرەی پێ بدرێ و جێ پێ ی خۆی خۆش کات و هەنگاوی بەرەو پێشەوە بنێ .

هەر ڕۆمانەو بەسەر هاتێك دەبێتە لووتکەی ، خۆ ئەگەر هەمووی لە یادی ئەو خەلکەدا جێگەی نەبێتەوە ، ئەوا ئەو بەسەر هاتە جێگا گونجاوی خۆی دەکاتەوەو تاماوەیەکی زۆر لەبیر ناچێتەوە . . «شار»یش لە هەر بەشێك دا لووتکەیەکی هەیە ، لە یەکەمیان دا بەستنەوەی مریەم بەدەست «دەروێش کەریم»و یەکەم شەوی بە ناو بوکێنی و زاوایەتیان ، ئەو بەسەرهاتەیە کە هەر چەند باسی زوڵم و ستەم کاری زۆرداری و چەوساندنەوە یا کرداری نامرۆڤایەتی بکرێ ، ئەوا ئەو دیمەنە وەك قارچکی بە هارێکی پڕ لە هەورە بروسکە هەڵدەتۆقێ . . خۆ لە بەشی دووەمیش دا ڕۆژی هێنانەوەی تەرمەکەی شێخی نەمر ، لەوانەیە کە ، هەرچەند باسی یەکێتی و نەترسی و ئازایەتی کۆمەڵ و جەماوەر بکرێ ، ئەو ڕۆژە بێتە وەیاد . . ئەم دیمەنە یان لە ناو لووتکەکان دا (بە هەر دوو دیوەکەدا) واتە چاکەو وخراپە ، لە هەموویان باڵاترە . چونکە کاتێك «شار» دەگاتە باسی ئەو ڕۆژە ، بەراپی فرمێسك لە چاوی گوێ لی گرانی دا ، بە دیار دەکەوێ . . لە بەشی سی یەمیش دا ، لافاوەکەو بەسەر هاتەکانی دوای ئەو سەرەکین . . خۆ کۆتایی ڕۆمانەکەش وەك دەست پی کردنەکەی سەرنج ڕا کێشە . چونکە بەشی زۆری کێشە سەرەکی یەکان بێ چارەسەر مانەوتەوە ، تا لە بەرگەکانی داهاتووی «شار»دا کە ئەگەر ڕووناکی ببینن ، چاریان بۆ دابنرێ .

دوا کاتیش پێویستە دەست خۆشانە لە خاوەنی «شار» بکرێ و هیوای هێنانەدی ئاواتەکانی بۆ بخوازرێ ، بەڵکو لە بەرگەکانی تردا ، کە بێگومان ڕەنگە (ئاواتی سەرەکی) ئەوە بێ ئەو بەرگانە ڕووناکی ببینن ، بتوانێت پێوەندی خەڵکی شار بە «شار»ەوە بە شێوەیەکی وا بەر جەستە بکات ، کە گوێ لی گرانی ئەو بەرگانەی تر لەوە بگەن کە «شار» بەلای خەڵکەکەیەوە چی دەگەیەنێ و چۆن چۆنی ، لە هەموو هەڵس و کەوتێکیان دا بە شارەکەی خۆیانەوە بەستراونەتەوە . .

سەرچاوەکان

(١) - حسین عارف - شار - ل ٦٠
(٢) - کونستانتان جیورجیو - الساعة الخامسة والعشرون - روایە
(٣) - حسین عارف - شار - ل ٤
(٤) - هەمان سەرچاوە ل ٢٢
(٥) - هەمان سەرچاوە ل ٣٥
(٦) - هەمان سەرچاوە ل ٤٥
(٧) - هەمان سەرچاوە ل ٧٣
(٨) - عبدالرحمن منیف - مدن الملح - الاخدود - روایە
(٩) - شار ل ٧٦
(١٠) - شار ل ٤٨
(١١) - د . علی الوردی - لمحات اجتماعیة من تأریخ العراق الحدیث - الجزء الاول ص ٢٩٥
(١٢) - شار ل ١٩٣
(١٣) - لە ڕۆمانێك دا خوێندومەتەو کە بەداخەوە ئێستا ناوی نووسەرەکەیم لە یاد نی یە بەلام وەك ووتەیەکی جوان لای خۆم ئەو دەقەم نووسیوەتەو .
(١٤) - شار ل ٢١٥
(١٥) - شار ل ١١٦-١١٧
(١٦) - شار ل ١١٢
(١٧) - حسین عارف - کلافەیەك ژانی توورە - چیرۆکی خوویەکی پووچ - ل ٥٨-٥٩
(١٨) - شار ل ١٤٢